# بەش: کۆمەڵناسی

# کۆلێژ: ئاداب

# زانکۆ: سەلاحەددین

# بابەت کۆمەڵناسی ئایین

## پەرتووکی کۆرس (قۆناغی دووەم - سمستەری یەکەم)

ناوی مامۆستا: م. ی. ابراهیم محمد برایم

ساڵی خوێندن: 2023 / 2024

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | کۆمەڵناسی ئایین |
| **2. ناوی مامۆستای بەرپرس** | م. ی. ابراهیم محمد برایم |
| **3. بەش/ کۆلێژ** | کۆمەڵناسی – ئاداب |
| **4. پەیوەندی** | ئیمێل: ibrahim.braim@su.edu.krd<br><br>ژمارەی تەلەفۆن : 07504789645 |
| **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | تیۆری: 2 کاتژمێر<br>لە هەر هەفتەیەکدا |
| **6. ژمارەی کارکردن** | 2 کاتژمێر وانەوتنەوە |
| **7. کۆدی کۆرس** | |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | م. ی. ابراهیم محمد برایم<br><br>ساڵی لەدایکبوون: 4/5/1988<br><br>بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەڵاحەددین لەساڵی خوێندنی 2010-2011<br><br>بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەڵاحەددین لەساڵی خوێندنی 2017<br><br>قوتابی دکتۆرا لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەڵاحەددین. 2020- |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | کۆمەڵناسی ئایین، ئایین، بیروباوەڕ، پەرستش، تەوتەم و تابۆ، دینداری، فەلسەفە و ئایین و، ئایین و سیاسەت، ...هتد. |

**10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

کۆمەڵناسی ئایین لقێکی کۆمەڵناسی گشتییە، لە دامەزراوە ئایینییەکان و ڕۆڵی ئەم دەمودەزگا و دامەزراوانە لە فراوانبوون و گەشەکردنی ئایینەکان و چۆنیەتی دروستبوونی بیروباوەر و بڵاوبوونەوەی بیروباوەرەکان لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگا دەکۆلێتەوە. هەروەها لەگەڵ ئەمانەشدا لە کۆی ئەو دیاردە ئایینییە کۆن و نوێیانەی لە کۆمەڵگا هەبوون و هەن دەکولێتەوە.

- کۆمەڵناسی ئایین لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩) لە لایەن کۆمەڵناسانی وەکو ئیمل دورکایم، جۆرج زیمێل و ولیەم ڕۆبیرتسۆن و ماکس ڤێبەرەوە بونیادنراوە.

- کۆمەڵناسی ئایین بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرس و لێکدانەوانەی کە ئەو کات لە کۆمەڵگا باوبوون دروستبووە.
- لەسەرەتای دروستبوونی و سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی ئایین زیاتر گرنگی بە ئایین دراوە وەکو بابەت و شتێکی نیشانەیی و، لەچۆنیەتی دروسبوونی ئایین لە کۆمەڵگا سەرەتایی و پشتگوێ خراوەکان وەردبوورونەتەوە.
- کۆمەڵناسی ئایین لە کۆمەڵگا نوێ و مۆدیرنەکاندا لە هەموو ئایین و بزاوت و جولانەوە ئایینییەکان دەکوڵێتەوە.

هەروەکو ئەوەی لە پێشتر باسکرا کۆمەڵناسی ئایین یەکێکە لە لقەکانی کۆمەڵناسی گشتی؛ گرنگترین ئەو بابەتانەی کە ئەم زانستە دیراسە و توێژینەوەیان لەبارەیەوە دەکات بریتین لە: سیستەمی ئایینی لە کۆمەڵگا سەرەتایی و شارستانییەکاندا، پەیوەندی نێوان ئایین و خێزن، پەیوەندی نێوان ئایین و سیستەمی ئابووری، پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت و کارلێک و پەیوەندییەکانی نێوان ئەو گروپانەی ئایینیانەی لە کۆمەڵگادا هەن.

سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی کۆمەڵناسی ئایین، دەگەرێتەوە بۆ دەرئەنجامی پەیوەندی دیالکتیکی نێوان ئەو بابەتانەی کە لە هەر دوو بواری کۆمەڵناسی و ئایین (زانستی ئایین) توێژینەوەیان لەسەر دەکرا، چونکە پێش سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی ئایین لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بابەت و ئەدەبیاتەکەی پەرش و بڵاوبوو لەنێوان هەر دوو بوار و مەیدانەکەدا (کۆمەڵناسی ئایین و زانستی ئایین)، هەر وەکو دەرکەوتنی کۆمەڵناسی ئایین یارمەتیدەربوو لە جیاکردنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییە - ئایینییەکان لەبواری کۆمەڵناسی و ئایین، بەهۆی ئەمەشەوە بارودۆخ وایکرد کەوا ناوەڕۆک و پسپۆری نوێ (کۆمەڵناسی ئایین) سەرهەڵبدا و گەشە بکا بەوەی توانای هەبێ لە لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییە ئایینییەکان بەشێواز و لێکدانەوەیەکی زانستی ئامانجدار.

## 11. ئامانجەکانی کۆرس:

ئاشناکردنی قوتابی یەکێک لە لقە گرنگەکانی کۆمەڵناسی کە ئەویش کۆمەڵناسی ئایینە، دیارە کۆمەڵناسی ئایین وەکو زانستێکی سەربەخۆ، ئەو زانستەیە کە تایبەتە بە توێژینەوەکردن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری ئایین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لە ناوخۆ و دەرەوەی ئایین، توێژینەوە لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان دەکات؛ ئەوانەی سەر بە بواری دیاردە ئایینییەکانن، ئەمەش بە ئامانجی شیکردنەوەی پێکهاتەکانیان و ئەو یاسایانەیە ملکەچی دەبن.

کۆمەڵناسی ئایین لە پێناسەیەکیتردا ئەو زانستەیە کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە دامەزراوە ئایینییەکان (شوێنەکانی پەرستن-ڕێوڕەسمەکان)، هەروەها پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان لەناو دامەزراوە ئایینییەکان دەکۆڵێتەوە.

یاخود دەکرێ بڵێین ئەو زانستەییە کە لە ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتی دیاردە ئایینییەکان و کاریگەریی ئەو دیاردانە لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا بەگشتی دەکۆڵێتەوە.

کەواتە دەکرێ بڵێین کەوا کۆمەڵناسی ئایین تایبەتمەندە بە توێژینەوەکردن لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە لە دامەزراوە و سیستەمە ئایینییەکاندا سەرهەڵدەدەن. هەروەک پرۆفیسۆر جۆرج زیمێل لە کتێبی (کۆمەڵناسی فەرمی)دا بەم شێوەیە باسیان دەکات:

1- ژێردەستەیی و سەرکردایەتی لە دامودەزگا ئاینییەکان.

2- مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت لە دامەزراوەی ئایینیدا.

3- بابەتگەرایی (بابەتیبوون) لە دامودەزگا ئاینیەکاندا.
4- ناکۆکی و ئاشتەوایی لە دامودەزگا ئاینییەکاندا.
5- کێبڕکێ و هاوکاری و هەرەوەزی لە ناو دامودەزگا ئاینیەکاندا.

کەواتە کۆمەڵناسی ئایین توێژینەوە لە بونیاد و پێکهاتەی دامودەزگا و دامەزراوە ئایینەکان دەکات و هەوڵی شیکردنەوە و دەستنیشنکردنی بارودۆخ و گرفتی دامەزراوە ئایینییەکان دەکات، چونکە ئایین و دامەزراوە ئایینییەکان وەکو پێکهاتەیەکی گرنگی کۆمەڵگا دەکەونە ژێر کاریگەر ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە لە کۆمەڵگادا هەن، بۆیە لێرەدا توێژەر، مامۆستا و قوتابی لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایەی کاری تێدا دەکەن، دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخەی لە کۆمەڵگاکە هەیە، بۆیە لیرەدا گرنگی بێ لایەنی و بابەتیبوونی بپاریزن.

بەگشتی ئامانجی ئەم کۆرسە بریتییە لە:

ئاشناکردنی قوتابی بە لقێکی گرنگی کۆمەڵناسی، ئەویش کۆمەڵناسی ئایینە.

ئاشناکردنی قوتابی بە چەمکەکانی بواری ئایین، وەکو بیروباوەر، پەرستش، دینداری، ...هتد.

دەستنیشانکردن و زانینی ڕۆڵی ئایین و دامەزراوەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا.

## 12. ئەرکەکانی قوتابی

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابیان دوو لایەنە و ئەرکی هاوبەشیان هەیە، واتە هەردووکیان تەواوکاری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنن، بۆیە کاتێک مامۆستا ئەرکەکانی بەشێوەیەکی بەرپرسانە و بە تەواوی جیبەجی دەکات؛ لەهەمان کاتدا پێویستە قوتابیانیش ئەرکەکانی خۆاین بەتەواوی و بەرپرسیاریەتییەوە بە ئەنجام بگەیێنن، ئەوانیش وەک ئامادەبوونی قوتابیان لە وانەکاندا، خۆ ئامادەکردن و ئەنجامدانی  تاقیکردنەوەکان، نوسینی راپۆرت و ئەنجامدانی سیمینار... هتد.

## 13. ڕێگەی وانەووتنەوە

لەم بابەتەدا مامۆستا ڕێگا و ڕیبازی جۆراوجۆر بۆ وتنەوە بابەتەکە و گەیاندنی پەیامەکەی بە قوتابی بەکاردەهێنی. ئەوانیش وەکو داتاشۆ و پاوەرپۆینت، تەختەی سپی، سمارتبۆرد و مەلزەمە و پێدانی سەرچاوە ... هتد.

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن

لە سیستەمی هەلسەنگاندن و هەڵسەنگاندنی قوتابیان مامۆستا لەپاڵ ئەنجامدانی دوو تاقیکردنەوەی مانگانە کە هەریەکەی لەسەر (١٥٪) نمرە دواتر (١٠٪) نمرە بۆ ئەنجامدانانی چەندین کیوز و چالاکی ڕۆژانە و ئەنجامدانی سیمینارلەسەر بابەتێکی پەیوەندیدار بە بە بابەتی کۆرسەکە و ئامادەنەبوونی خوێندکار لە پۆلدا...هتد. کە بەهەموو ئەمانە دەکاتە (٤٠٪) کە ئەم نمرەیە دەچیتە چوارچێوەی نمرەی کۆشش. دواتر (٦٠٪) نمرەکە لەسەر تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرسەکە دەبێت.

## 15. دەرئەنجامەکانی فێربوون

بۆ دیاریکردنی هەر بابەتێک لە ناوەڕۆکی کۆڕسەکە پشت بەستراوە بە پێویستی بابەتەکە بۆ شارەزابوونی فێرخواز بەم بابەتە و پەیوەندی بە بوار و بەشەکەی، هەروەها شارەزابوونی فێرخواز بەو کۆمەڵگەیەی کە کاری تێدا دەکات و ئامانجەکانی تێدا دەستەبەر دەکات. ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆمەڵناسی ئایین و ئەو بابەتانەی لەم کۆڕسەدا خراوەتەڕوو گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ دەرچووانی ئەم بەشە لە ئەنجامی هاتنە مەیدانی کارکردنی کردەیی، بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردنی وەکو تاکێک لە ناو کۆمەڵگە و بازاری کارکردندا.

بەشێوەیەکی گشتی دەرئەنجامی خوێندنی بوارەکانی ئەم بابەتە بۆ فێرخواز دەبێتە هۆی بەرچاوڕوونی بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی کارکردنی و چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکان لە کوردستان بەتایبەتی، چونکە خوێندنی ئەکادیمی بەتەنها بەس نییە بۆ مامەلەکردن لە واقیعدا، بەڵکو پێویستە ئەوەی فێری دەبێت لەسەرچاوە و خوێندن و خوێندنەوە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بەگشتی لە بواری پراکتیکی جێبەجێیان بکات و ئەزموونیان بکات بۆ ئەوەی بەکەمترین هەڵە و مەترسی بە ڕاستی ژیاندا گوزەربکات. سەرئەنجام فێرخواز وەکو تاکێکی گرنگ و پڕ ئەزموونی بواری خوێندن دەتوانێت سوود لە ناوەڕۆکی بابەتی کۆمەڵناسی ئایین وەربگرێت وەکو زانستێک بۆ فەراهەمکردنی ئامانجەکانی لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەتایبەتی لە بواری کارکردنی و مامەڵە کردنی لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا وەکو توێژەرێکی کۆمەڵایەتی بابەتیانە مەمەڵە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگاکە بکات.

**16. لیستی سەرچاوە:**


1. جۆلی سکۆت و ئایرن هاڵ، ئایین و کۆم هڵناسی، و: هیوا م هلا علی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،

بێ ساڵی چاپ.

2 . احسان محمد الحسن، علم الاجتماع الديني (دراسة تحليلية حول العلاقة المتفاعلة بين المؤسسة الدينية و المجتمع)، دار وائل للنشر، عمان، 2005.

3 . ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، و: دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2012.

4 . دانيال هيرفيه ليجيه و جان بول ويلام، سوسيولجيا الدين، ترجمة: درويش الحلوجي، المجس الاعلى للثقافة،

المشروع القومي للترجمة، القاهرة، 2005.

5 . میشل مالروب، مرۆڤ و ئایینەکان (ڕۆڵی ئایین لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا )، و: عیمران هاواری، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، 2009.

6 . میشێل مالروب، مرۆڤ و ئایینەکان، و: هیوا مەلا علی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، 2006.


| **17. بابەتەکان** | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| بەشی یەکەم: دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسی ئایین<br>باسی یەکەم: ناساندنی کۆمەڵناسی ئایین<br>باسی دووەم: سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵناسی ئایین | م.ی. ابراهیم محمد برایم |
| بەشی دووەم: کۆمەڵناسی ئایین<br>باسی یەکەم: ئامانجەکانی کۆمەڵناسی ئایین | |

| | |
|---|---|
| | باسی دووەم: بوارەکانی کۆمەڵناسی ئایین<br>باسی سێیەم: گرنگی کۆمەڵناسی ئایین |
| | بەشی سێیەم: کۆمەڵناسی و ئایین |
| | باسی یەکەم: کۆمەڵناسی چۆن دەڕوانێتە ئایین |
| | باسی دووەم: چەمکی ئایین لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە |
| | بەشی چوارەم: پەیوەندی کۆمەڵناسی ئایین بە زانستەکانیترەوە<br>1 . پەیوەندی کۆمەڵناسی ئایین بە فەلسەفەوە<br>2 . پەیوەندی کۆمەڵناسی ئایین بە یاساوە<br>3 . پەیوەندی کۆمەڵناسی ئایین بە ئابورییەوە<br>4 . پەیوەندی ئایین و سیاسەت |
| | بەشێ پێنجەم: ئایین چییە؟<br>باسی یەکەم: چەمکەکانی بواری ئایین<br>1 . بیروباوەڕەکان<br>2 . پەرستشەکان<br>3 . تەوتەم و تابۆ<br>4 . تاکایەتی<br>5 . دینداری<br>6 . توندڕەوی ئایینی<br>7 . ڕێوڕەسمەکان یان بۆنەکان<br>8 . تەریقەتی ئایینی<br>باسی دووەم:  ئەرکەکانی ئایین |

**18. تاقیکردنەوەکان**

پ/ لە کۆمەڵناسییدا چون دەڕوانرێتە ئایین (کۆمەڵناسی چون دەڕوانێتە ئایین)؟

وەڵام/

1. کۆمەڵناسان بێ ئەوەی باوەڕدار یاخود بێباوەڕ بن توێژینەوەی لەسەر ئایین دەکەن.
2. گرنگی نادەن بەوەی کەوا کامە ئایین ڕاست و دروستە و کامەیان هەڵەیە؛ واتە هەڵسەنگاندنی باشی و خراپی بۆ هیچ ئایینێک ناکەن.

3. بەشێوەیەکی زانستی بەدوای کۆمەڵێک پرس و ڕاستی دەگەڕێن دەربارەی ئەوەی ئایا ئایینەکان چۆن ڕێکخراون؟ ئایا ئایینەکان لە کام بیروباوەر و بەها پێکدێن؟ ئایین چۆن باوەردارەکانی لە دەوری خۆی دەهێڵێتەوە و چۆن هەوڵی زیادکردنی ژمارەی باوەردارەکانی دەدات.
4. پێیانوایە بوونی دەزگا و دامەزراوەی ئایینی لە کۆمەڵگادا گرنگە، چونکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک دەزگای فەرمی و نافەرمی کە لەگەڵ چەندین بیروباوەڕ تێکەڵی کۆمەڵگا کراون و کاریگەرییان بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگاکەوە هەیە، تێیدا کۆمەڵناسان هەوڵدەدەن ئەرک، ڕۆڵ و بەرپرسیارییەتی ئەم دەزگایانە لە ڕابردوو، ئێستا بزانن.
5. کۆمەڵناسان وایدەبینن کەوا ئایین سەرچاوەی سەرەکی گیانی هاوکاری و هەرەوەزی کۆمەڵایەتییە، ئایین باوەردارەکانی دەکاتە خاوەنی بەها و دابونەریت و فێریان دەکات چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەن. هەروەک هەندێکجار بوونی فرە ئایینی لەکۆمەڵگادا دەبێتە هۆی سەرچاوەی ململانێ.

پ/ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەی ئایینی دیراسەکردن و شیکردنەوەی چ بابەتانێک لە خۆ دەگرێت؟
وەڵام/

1. توێژینەوەکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو دامەزراوەی ئایینییەکان.
2. سیستەمی دەسەڵات لە دامەزراوەی ئایینیدا.
3. سیستەمی پێگە (ستاتوس) لە دامەزراوەی ئایینیدا.
4. شیکردنەوەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی ناو دامەزراوەی ئایینیدا.